بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاء تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا
جَاءكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ
جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاء مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ
وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ ﴿1﴾

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دوژمنانی من و دوژمنانی خۆتان بناسن و مەیەڵن لە دڵەکانتانا خۆشەویستی و سۆز هەبێت بۆیان، چونکە ئەوانە باوەڕیان نیە بەو ڕاستییەی کە بە ئێوە گەیشتووە، ئەوانە پێغەمبەر و ئێوەشیان دەرکرد لە مەککە، لەبەر ئەوەی کە باوەڕتان بە خوای پەروەردگارتان هێنابوو، جا ئەگەر ئێوە بۆ تێکۆشان و ڕەزامەندیی من دەرچوون لە وڵات (ڕاست نیە) لە نهێنیەکان ئاگاداریان بکەن و ئەوەندە سۆزتان هەبێ بۆیان، لە کاتێکدا کە من چاک ئاگادارم بەوەی کە دەیشارنەوە بەوەش کە ئاشکرای دەکەن، جا ئەوەی کاری وا بکات ئەوە ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی ون کردووە.

إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا لَكُمْ أَعْدَاء وَيَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِالسُّوءِ وَوَدُّوا لَوْ
تَكْفُرُونَ ﴿2﴾

ئەگەر (خوانەناسان) ڕووبەڕووتان ببن ئەوە دەبنە دوژمنتان و شەڕتان پێدەفرۆشن، دەستدرێژی دەکەنە سەرتان و زمانیان درێژ دەکەن دژتان بە گوفتاری ناشرین و نابەجێ، ئەوانە ئاواتەخوازن کە ئێوەش وەک خۆیان کافرو بێ بڕوابن.

لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ
﴿3﴾

خزمان و ڕۆڵەکانتان هەرگیز فریا ناکەون، چونکە لەڕۆژی قیامەتدا لێك جیا دەکرێنەوە، بەڕاستی خوا بینایە بە کارو کردەوەتان.

قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءاؤا مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاء أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴿4﴾

(ئەی ئیمانداران) بەڕاستی لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون نموونەیەکی چاکتان (خراوەتە بەرچاو)، کاتێك کە بە قەومەکەی خۆیانیان وت: (دوای ساڵەها بانگەواز) ئێمە بەرین لە ئێوە و لەو شتانەش کە لە جیاتی خوا دەیپەرستن، ئێمە باوەڕمان بەو دین و ئاینەی ئێوە نیە، ئیتر دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی لە نێوانماندا بەرپابووە تا ئەو کاتەی کە باوەڕ بە خوای تاك و تەنها دێنن، جگە لەو قسەو (بەڵێنەی) ئیبراهیم دای بە باوکی و وتی: داوای لێخۆش بوونت بۆ دەکەم، بێگومان دەسەڵاتی خوایشم نیە (ئەگەر کارەساتێکت بەسەر بێت)، (ئینجا وتی): پەروەردگارا هەر پشت بە تۆ دەبەستین و ڕوودەکەینە دەروازەی ڕەحمەتی تۆ، گەڕانەوەشمان بۆلای تۆیە.

رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا وَاغْفِرْ لَنَا رَبَّنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿5﴾

پەروەردگارا مەمانکە بە مایەی گومڕایی بۆ بێ بڕوایان، لێمان خۆش ببە ئەی پەروەردگارمان چونکە تۆ بە ڕاستی خوایەکی باڵادەست و دانایت.

لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ ﴿6﴾

بەڕاستی (لە سەرگوزەشتەو ژیانی ئیبراهیم)و ئەواندا نموونەیەکی چاك هەیە بۆتان وە بۆ ئەو کەسەی کە مەبەستی ڕەزامەندیی خوایەو لە ڕۆژی دوایی دەترسێت  و حسابی بۆ دەکات، جا ئەوەش کە پشی هە دەکات و شوێن ڕێبازی ئەوان ناکە وەت (ئەوە بابزانێت کە هەر خۆی زەرەر دەکات) چونکە خوا خۆی بێنیازەو شایستەی هەموو جۆرە سوپاسێکە.

عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿7﴾

بەڵکو (لە ئایندەدا) خوا لە  وان ئوە و ئەواندا کە دوژمنایەتی هەیە، خۆشەویستی و سۆز بەرپا بکات و (باوەڕبێنن)، خۆ خوا بەدەسەڵاتە، هەر ئەو خوایەش لێخۆشبوو و میهرەبانە (چاوپۆشی لە ڕابردوو دەکات).

لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴿8﴾

(دڵنیاش بن) کە خوا جڵەوگیری ئەوەتان لێناکات کە چاکەڕفتارو دادپەروەر بن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە جەنگیان دژ نەکردوون و دژایەتی ئاینیان نەکردوون  و لە شوێنەوارتان دەریان نەکردوون، چونکە بە ڕاستیی خوا دادپەروەرانی خۆشدە وەت.

إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿9﴾

بەڵکو خوا تەنها قەدەغەی ئەوەتان لەدەکات کە پشتیوانی بکەن لەوانەی کە جەنگیان بەرپاکرد دژی ئاین و دەریانکردن لە شوێنەواری خۆتان، وە زۆر بە زەقیی دەوریان هەبوو لە دەرکردنتاندا، جا ئەوەی پشتیوانییان لێ بکات بەڕاستیی ئائەوانە لە ڕیزی ستەمکاراندان.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ
عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ
وَآتُوهُم مَّا أَنفَقُوا وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَلَا تُمْسِكُوا
بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ وَاسْأَلُوا مَا أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْأَلُوا مَا أَنفَقُوا ذَلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ
عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿10﴾

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاکێك کە ئافرەتە ئیماندارەکان کۆچ دەکەن و دێن بۆلاتان تاقییان بکەنەوە بە وردیی پرسیاریان لێ بکەن (سەبارەت بە کۆچ و هۆی هاتنەکەیان)، خۆ خوا خۆی چاك زاناو ئاگایە بە ئیمانەکەیان، ئەگەر بۆتان دەرکەوت کە ئیماندارن، ئیتر مەیانگێڕنەوە بۆلای کافران، نە ئەم ئافرەتانە حەڵاڵی ئەو کافرانەن، نە ئەو کافرانەش حەڵاڵن بۆ ئەم ئافرەتە ئیماندارانە، (ئەگە ر مێردەکانیان) نەسرەفێکیان کردووە (لەو ئافرەتە ئیماندارانەدا) بۆیان بگێڕنەوە، ئیتر هیچ ڕەخنەیەکیش نیە لەسەرتان ئەگەر ئەو ئافرەتانە مارە بکەن ئەگەر مارەییان بدە ن، ئافرەتانی کافر مەهێڵنەوە لای خۆتان (واتا مارەیان مەکەن) ئێوەش (ئەی ئیمانداران ئەگەر) مەسرەفێکتان (کردووە لە ئافرەتێکی کافردا) داوای بکەنەوە، ئەوانیش (ئەگەر مەسرەفێکیان کردووە لە ئافرەتێکی ئیمانداردا) با داوای بکەنەوە، ئا ئەوە حوکم و فەرمانی خوایە کە لە نێوانتاندا بڕیاردراوە، وە ئەو خوایە زاناو دانایە.

وَإِن فَاتَكُمْ شَيْءٌ مِّنْ أَزْوَاجِكُمْ إِلَى الْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَآتُوا الَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَاجُهُم مِّثْلَ مَا
أَنفَقُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ ﴿11﴾

ئەگەر یەکێك یان هەندێك لە هاوسەرانتان گەڕانەوە ناو کافران، لەوەودوا جەنگ لە نێوان ئێوەو کافراندا بەرپابوو، وە سەرکەوتن بەسەریاندا، ئێوە لە دەستکەوتی ئەو جەنگە زەرەری ئیماندارەکە بە ژن بدەنەوە وەکو خۆی، وە لەو خوایە بترسن کە ئیمان و باوەڕتان پێهێناوە.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿12﴾

ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەگەر ئافرەتانی ئیماندار هاتن بۆ لات و پەیمانیان پێدایت کە هیچ جۆرە هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار نەدەن، دزیی نەکەن، زینا نەکەن، ڕۆڵەکانی خۆیان نەکوژن، هیچ جۆرە بوختانێك نەکەن لە نێوان دەست و پێی خۆیاندا (واتە دوورەپەرێزبن لە هەموو جۆرە خیانەتێك)، وە فەرمانبەردار بن لە هەموو چاکەیەکداو یاخی نەبن، ئەوە تۆ پەیمانیان لێ وەرگرەو لەخوا داوای لێخۆشبونیان بۆ بکە، چونکە بەڕاستی خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ قَدْ يَئِسُوا مِنَ الْآخِرَةِ كَمَا يَئِسَ الْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَابِ الْقُبُورِ ﴿13﴾

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پشت مەبەستن بە کەسانێك کە خوا خەشمی لێگرتوون و قینی لێیانە، بێگومان ئەوانە نائومێدو بێهیوان لە قیامەت، هەروەکو کافران، لە نیشتەجێی گۆڕستان و مردووی قەبرستان نائومێد بوون (لە هەموو خێرو خۆشیەك).